# کۆمەڵە و بزووتنەوەی کوردستان

عـادڵ ئەلـیاسی

لــە 30 ســاڵی ڕابــردوودا کۆمــەڵگــای کوردســتان گرێــدراوی ڕووداو، گۆڕانکــاری سیاســی و کۆمـەڵایـەتـی و ململانێـی مـەیل و بۆچونـە جیـاوازەکـان بـووە. نـاوەنـدی سـەرهـەڵـدان و گـەشـەی جوڵانـەوە و بزووتنـەوەگـەلی پێشکەوتووخواز بووە. نیشـانـەی پێکراوی پـەیـام و سیاسیـەتـی پـارت و ڕێکخــراوە سیاســی‌یــەکــانی جــەمســەری ئۆپۆزیســیون بــووە. ڕووبــە کۆمــاری ئیســلامی ڕەمــزی خۆبەدەستەوە نەدان و خۆڕاگری بووە. ڕووبە بەشەکانی تری ئێرانیش مەزهەری هیوا بـە ڕزگـاری لە هەلومەرجی مەینەتباری ئەم سێ دەهەیە بووە.

ئێستەش لە کوردستان ڕووداوەکان، گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایـەتـی‌یـەکـان و ململانێـی نێـوان مەیل و بۆچوونە جیاوازەکان خێراتر، شـەفـاف و ئاشکرا تر لـە هـەر قۆنـاغێکی تـری مێـژووی ئـەم ناوچەیە لە ئارادان. کوردستان زیاتر لە هەمیشە جموجۆڵی کۆمەلایەتی بە خۆوە دەبینێت، زیـاتر لە هەر قۆنـاغێکی تر سیاسی و حیزبی ترە، زیـاتر لـە هـەمیشـە کۆسپـی سـەر ڕێگـەی چـەسپـاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌یە و ئاوێنەی باڵانوێنی ئـەو خـەباتـەیـە کـە لـە سـەرتاسـەری ئێـران لـە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە.

کۆمەڵە – سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، فاکتەرێکی سەرەکی و گرینگ بـووە لـە شکلپێدان و کـەسـایـەتـی پێبـەخشینی ئـەم کۆمـەلگـایـە. لـە ڕووداو و گۆڕانکـاری و ملمالانێکانـدا جــەمســەری ڕادیکــالیزم و پێشــکەوتووخــوازی بــووە، لــە ســەرهــەڵــدان و گــەشــەی بزووتنــەوە پێشکەوتوخـوازەکـان بزوێنـەر و پاڵپشت بـووە، لـە بـەرەنگـار بوونـەوەی کۆمـاری ئیسلامـی چـەک و سەنگەری جەماوەر بووە و ڕوو بە بەشەکانی تری ئێران پردی پێکەوە گرێدانی ڕیزی خەبات بووە.

لـە 30 سـاڵی ڕابـردوودا گـەلێک لـە سـەر هـەم بزووتنـەوەی کوردسـتان و هـەم لـە سـەر کۆمـەڵـە نووسراوە و وتراوە. ئەم نووساراوەیە نەک بە مەبەستی ووتنـەوەی بابـەتـە وتـراوەکـان بـەڵکوو بـە مەبەستی بە پێیرەوەچوونی پێویستی سەر لەنوێ هەڵسەنگاندی هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ئـەو دەورەی کـە کۆمـەڵـە، بـە لـە بـەرچـاوگرتنی ئـەم هـەلومـەرجـە نوێیە، دەتوانێت و پیویستـە بیگێرێت ئامادە کراوە. دەزانیین کـە هـەردوو بابـەتـی نووسراوەکـە، واتـە کۆمـەڵـە و بزووتنـەوەی کوردســتان، دیــاردەگــەلــی زینــدوون کــە بــەردەوام ئــاڵوگۆڕ بــە خــۆوە دەبیــنن، لــەم ڕووەوە هەڵسەنگاندن و لێدوانی پێ بە پێ لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکان پێویستییێکی سیاسی و کۆمـەڵایـەتییـە کـە غافڵبوون لێی زیان بە هەر ڕەوتێکی زیندوو دەگەیەنێت. ئەم نووسراوەیە هەنگاوێکی بچوکە لـەم پێناوەدا و هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی گشتی لە سەر دوو بابەتی ئامازە پێکراو بە شێوەیـەک کـە ڕوانگەی سوسیالیستی تێیدا ڕەنگی دابێتەوە. دیارە ئەم هەوڵە لە چوارچێوەی بەرتەسکی وتـاری گۆڤارێکدا دەستی دراوەتێ و لەم ڕووەوە گەلێک بابـەتـی گرینگ لـە قـەڵـەم کـەوتـوون و سپێردراون بە داهاتوو یان کەسانی خاوەن قەڵەمتر.

*　　　　　　　　*　　　　　　　　*

_ ئەو ئاڵو گۆڕ و کێشانە کامانەن کە ئەمڕۆ لە کوردستان لە ئارادان؟

_ کامانـەن مـەیل و بۆچوونـە جیـاوازەکـانی نـاو بزووتنـەوە کۆمـەڵایـەتـی‌یـەکـان و بازنـەی سیاسی کوردستان؟

- کامانەن تایبەتمەندیەکانی کوردستان؟

دوای تیشک خستنە سەرێکی گشتی ئەم خاڵانەی سەرەوە و بە کەڵک وەرگرتن لەو سەرەنجامانەی کە بەدەست دێن هەوڵ دەدرێت دەور و نەخشی کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەیەکی کۆمۆنیست بە ئاسۆیەکی سوسیالیستی‌یەوە لە جەرگەی ئەم هەلومەرجەدا بخرێتە بەر باس و لێدوان.

1. ئاڵو گۆڕ و کێشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان

ڕوانگەیەکی ناسراو هەیە کە پێ لە سەر چینایەتی بوونی کۆمەڵگای کورستان، وەک هەر کۆمەڵگایەکی تری جیهانی ئەوڕۆ، دادەگرێت. ئەم ڕوانگەیە حەقیقەتێک دەدرکێنێت کە بە ئەستەم بتواندرێت ئینکار بکرێت یان لە موعادلاتی سیاسی‌دا بێ بایەخ هەڵسەنگێندرێت. هاوکات نابێت ئەم ڕوانگەیە گرفتاری ئەو خەتایەمان بکات کە گۆیا بە جودا لێکۆڵینەوە لە سەر چەند و چۆنی ڕیزبەندی و ململانێیە چینایەتییەکان لە کوردستان لە عەسڵی ئەم حەقیقەتە دوورمان دەکاتەوە کە کوردستان بەشێکە لە جیهانی چینایەتی. ڕاستە کە کوردستان بەشێکە لە نیزامێکی ئابووری ـ سیاسی جیهانی کە یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی لە خۆ گرتنی چین و توێژگەلی کۆمەڵایەتی‌یە بە مەیل و خواست و بەرژەوەندی جیاوازەوە کە بەردەوامیش لە دژایەتی کردنی یەکتردان. بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە چۆنیەتی و ئاستی ئاوا ڕەوتێک لە هەموو شوێنێکانی جیهان یەک تەراز نییە و بە هەمان ئاکاردا تێپەڕ نابێت پێویستە پەیڕەوان و ئالاهەڵگرانی ڕێبازی سوسیالیستی بەردەوام شارەزایی لە سەر تایبەتمەندیەکانی هەر ناوچە و هەر کۆمەڵگایەک بە دەست بێنن بۆ ئەوەی کە بە دروستی بتوانن لە گەڵی‌دا مامەڵا بکەن.

بەحوکمی ناساندنی کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی چینایەتی و بەردەوام لە کێشەدا بوونی چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەکرێت سەرجەمی ململانێ و کێشەکان، لە هەر قەوارە و شێوازێکدا بن، بە گێشەگەلی گرێدراو بەو سیستەمە سیاسی و ئابووریەوە بزانین کە چین و توێژی جۆراو جۆر، بە بەرژەوەندی و مەیلی جیاوازەوە دەست کردیەتی.

ئێستا زۆربەی دانیشتوانی کوردستان لە ڕێگەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هێزی جسمی و فکری و بە بێ خاوەنداریەتی ئامرازی بەرهەمهێنان و دەسەڵات بە سەر بوارەکانی چەند و چۆنی بەرهەمهێناندا تەئمینی پێویستی‌یە سەرەتایەکانی ژیان دەکەن. بەرژەوەندی ئەم زۆرینە لە پرۆسەیەکی سروشتی و مێژوویی‌دا لە گەڵ بەرژەوەندی ئەو کەمینە ڕوو بەڕووی یەک دەبێتەوە کە خاوەنی ناوەند و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە و بڕیاردەرە لە چەند و چۆنی و شێوازی چەرخی چەرخانی ئابووری کۆمەڵگادا.

لەم ململانێیە چینایەتی‌یەدا کە ئەمڕۆ هەندێک جار بە ئاشکراو ئاگاهانە و هەندێک جاریش بە نهێنی و بە کردەوە لە ئارادایە دەوڵەت دەوری پاراستنی ئەرکە دابەشکراوەکان بەسەر چین و توێژە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا دەگێڕێت، پشتیوانی لە کەمینەی دەسەڵاتداری ئابووری دەکات و پارێزەری پەیوەندییەکانی کار و سەرمایەیە. بەڵام ئەمە تەنها دەورێک نییە کە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دەیگێڕێت. دەوڵەت وێڕای پارێزگاریکردن لە پەیوەندیەکانی نیزامی سەردەم، پارێزەری کۆمەڵێک یاسا و دیاردەی سەرچاوەگرتووی مەزهەبی و دواکەوتوانەشە کە پاشماوەی نیزامگەل و دەورانگەلی پێش لە نیزامی سەرمایەدارین. لەم ڕووەوە ئەم دیاردە و نەریتانە لە ناتەبایێکی بەکردەوە و بەردەوامدان لە گەڵ پەیوەندی و پێویستی‌یەکانی گەشەی نیزامی سەرمایەداری جیهانی کە ئەمڕۆ لە شێوازی گلۆبالیزاسیون و بیرۆکەی نێئۆلیبرالیزمدا خۆی نیشان دەدات. وێڕای ئەمانەش دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران توتالیتێرە و بە چەند قات لە پاشەوەی دیمۆکراسی لیبراڵی‌یە.

لە ئاوا دۆخێکدا ملمانێکان بەرتەسک نابنەوە تەنها بەو دوو چینە سەرەکی‌یەوە کە لە بنەڕەتدا بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە. بەڵکوو بە هۆی شێوازی دەسەلاتی سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا چین و توێژە دەسەڵاتدارەکان و سیاسەتوانانیان لە نێو خۆشیاندا، لە ئاستی ناوخۆی و جیهانیدا،

دەرگیری کێشە و ململانێی جددیین کە هەندێک جار مەرگی یەکتر بە ئاوات دەخوازن. تا ئەو شوێنەی کە بەم بەشە لە باسەکەی ئێمە دەگەڕێتەوە پێویستە بزانیین لە دژی یەک قەرار گرتنی بەرژەوەندییە چینایەتی‌یە جیاوازەکان و شێوازی دەسەلاتی دەوڵـــــەت، کە هەڵگری کۆمەڵێک یاساو نەریتی ناکۆک لە گەڵ پەیوەندی و پێویستی‌یەکانی نیزامی سەردەمە، چۆن و لە چ ئاستێکدا خۆیان لە کوردستان نیشان داوە و ڕیزبەندییە چینایەتی‌یەکان و خەباتی جاماوەرییان بەرە و چ ئاکارێک بردووە.

هەلومەرجی پێکهاتوو لە سەرەنجامی کێشەی چین و توێژە کۆمەلایەتی‌یەکان لە کوردستان لە پلەی یەکمدا خۆی لە جموجۆلێکی بەرینی جەماوەریدا نیشان داوە کە کۆمەڵێک بزووتنەوەی کۆمەلایەتی سیمای ئاشکرایەتی، بە شێوەیەک کە ئێستە شاهدی پێکهاتن و چالاکی بەرینی بزووتنەوەگەلێکی وەک بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، خوێـــــندکاران، ڕۆشنبیـــران و لە ئارادا بوونی خواستێکی جەماوەری لە دژی ستەمی نەتەوایەتین. خەسڵەتی هاوبەشی سەرجەمی ئەم بزووتنەوانە ناڕازی بوونیانە بە هەلومەرجی مەوجوود. بە کردەوە ــ ئەگەرچی نە هەمیشە شـەفاف و ئاگـــــــاهـــانە ـ ئەم بزووتنەوانە دژی ساختاری دەسەلات و هەلومەرجی ئێستا دێنە سەر شـانۆی خەبات و خۆناساندن.
کەوابوو سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئێعترازییەکان لە کوردستان یەکەمین دژە کردەوەیە بەرانبەر بە گشتییەتی هەلومەرجی ئێستا و تایبەتەن بەرانبەر بە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی.
لە پلەی دووهەمدا بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکان زۆر سیاسین و هەوڵ دەدەن جیگا و پێگەی خۆیان لە جەمسەرە چینایەتی و ئیدئۆلۆژیەکاندا شەفاف ڕابگەیەنن. بۆ نموونە داخوازیەکانی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و خەبات و تێکۆشانەکەیان زۆرتر ڕەنگدانەوەی دژایەتی کردنی ئەوانە لە گەڵ بنەما فکرییەکانی ئیزامی سیاسی و ئابووری زاڵ بە سەرجیهاندا کە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی تەنها وەک بەشێکی ئەو سیستمە چاوی لێ دەکرێت. لەم ڕووەوە خواستەکانی هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوەیە تەنها بە دژایەتی کردنی ئەو کۆمەڵە یاسا و نەریتانە بەرتەسک نابێتەوە کە پاشماوەی سیستم و نیزامگەلی پێش لە سەرمایەدارین و ئێستە کۆماری ئیسلامی هەڵگریانە. بەڵکو ئەو خەسڵەت و دیاردانەش دەکەونە بەر ڕەخنە کە خەسڵەت و دیاردەگەلی نیزامی سەرمایەدارین؛ وەک ئاستی حەقدەستەکان و زیادکردنیان، مافی ڕێکخراو بوون و مانگرتن، دژی خسووسی سازی و دەسەلاتی تاکڕەوانەی خاوەنکار و کاربەدەستانی دەوڵەت ... هتد. ئەم خواستانە زۆر لە پێشترن تا، بۆ نموونە، خواسی نەهێشتنی نوێژی ئیجباری لە کارگاو کارخانەکان و شوێنەکانی تری کار. خوازیارانی ئاوا خواستگەلێک، ئەگەرچی پەرژوبلاو و تەنانەت زۆربەی کات نائاگاهـ بە پێگەی کۆمەلایەتی خۆشیان بن، بەلام بە کردەوە وەک چینێک کە خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتی‌یە چالاکی دەنوێنێت.
لە لایەکی تریشەوە بزووتنەوەیەک وەک بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد کە هەم سیاسی و هەم ئێعترازیشە خواستەکانی بەرتەسکن بە ڕەواڵەتی حاکمیەتی سیاسی. واتە ئەو یاساو نەریتانەی کە ڕێگرن لە خۆگونجاندن و پەیوەست بوونی هەمەلایەنەی کۆمەڵگای ئیرانە (بە کوردستانیشەوە) لە گەڵ سەرمایەی جیانی کە ئەگەری بوونی ئەو لە دەسەلاتدا مسۆگەر دەکات و لە ئۆپۆزیسیۆن بوون ڕزگاری دەکات. خوازیارانی ئاوا خواستگەلێک بە کردەوە وەک بەشێک لە چینێک کە خوازیاری هەندێک ڕفۆرمە نەک گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا خۆی ناساندووە.
بە کورتی دەکرێت بڵێین کە لە کوردستان ململانێ‌یە چینایەتی‌یەکان بەرەی ڕاست و چەپی کۆمەڵگەی شکڵ پێداوە و شێوازی دەسەلاتی دەوڵەتیش بەرەی ڕاستی دووکەرت کردوە و بەشێکیانی لە دژی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی پاڵ پێوەناوە. لە ئاوا دۆخێکدایە کە بزووتنەوە

کۆمەڵایەتی‌یەکان لای هەموو لایەنەکان گرینگی پەیدا دەکەن و دەبنە ناوەندێک بۆ کێشە و ململانێی ڕەوتە جیاوازەکان کە بەردەوام بەرژەوەندی و ستراتیژی جیاواز ڕەچاو دەکەن.

### 2. ڕەوتەکانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان

ئەگەر چی هەرکام لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یە چالاکەکان لە کوردستان دوای پێکهاتنیان بە ڕەواڵەت یەکدەستن لە نارازی بوون بە هەلومەرجی مەوجوود، بەڵام لە ئەساسدا هەر کامەیان پێکهاتەیەکن لە کۆمەڵێک مەیل و بۆچوونی جۆراوجۆر کە بەدیل و ستراتیژی جیاواز لە یەک دووریان دەکاتەوە. بە واتایەکی تر؛ ئەگەر خەسڵەتی هاوبەشی مەیل و بۆچونەکانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە نارازی بوونیان بە هەلومەرجی مەوجوود خۆی نیشان دەدات ئەوا جیاوازییەکانیان لە بەدیلەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵ بارۆخی زەمانە و دارشتنی ستراریژی بۆ داهاتوو خۆی ئاشکرا دەکات. ڕەوتە جیاوازەکانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان ڕوانگایەکی یەکدەست لە بەرانبەر وەسفی کێشەکان بەدەستەوە نادەن، هەربۆیەش بەدیل و ستراتیژییەکانیان زۆر لە یەک دوور و دژی یەکن. بەم پێیە "بەرەی" دژی حکومەتی و دژی هەلومەرجی مەوجود لە ناوخۆشی‌دا توشی کێشەیە و ڕەوتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت کە ڕۆژانە وێرای بەرەنگار بوونەوە لە دژی "دوژمنی هاوبەش" لە گەڵ یەکیش‌دا توشی ململانێ و کێشەن. لێرەدایە کە بەرەی ڕاستی کۆمەڵگا، چ ئەو بەشەی کە لە دەسەلاتدایە و چ ئەو بەشەی لە ئۆمۆزیسیندایە، لە دژی بەدیل و ستراتیژی بەرەی چەپ یەک دەگرن.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەک بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، خوێندکاران، جولانەوەکانی پەیوەندیدار بە لایەنگری لە مافی منداڵان، بزووتنەوەی مللی و ناسیونالیستی، بزووتنەوەی ڕووناکبیری و فەرهەنگی ... هتد، هەمووی ئەمانە بە ڕێژەیەکی بێ وێنە بوونی خۆیان ڕۆژانە لە کوردستان نمایش دەدەن. ئەگەر چی هەر یەک لەم بزووتنەوانە خاوەنی چەندین ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی جیاوازن بەڵام سەرجەم لە دوو ڕەوتی فکری بە ستراتیژی جیاوازەوە کۆ دەکرێنەوە:

- ڕەوتی لیبرال - ناسیونالیستی
- ڕەوتی سوسیالیستی

ڕەوتی لیبرال – ناسیونالیستی:

ئەم ڕەوتە زۆرتر لە لایەن یەکێک لە دوو لایەنی بەرەی ڕاستی کۆمەڵگاوە (لایەنی ئۆپۆزیسیۆن) نوێنەرایەتی دەکرێت کە کێشەی بنە هەڵگری بیرۆکەی گۆڕانکاری لە شێوازی دەسەلاتی سیاسی نەک گۆڕینی ماهییەتی، بنە خوازیاری ڕیفۆرم لە ساختاری ئابووری نەک دوژمنی بنەما فکرییەکانی، بنە ناوەندی کۆکردنەوەی نارازیان بۆ ئەهوەن کردنەوەیان نەک بۆ ڕێکخستن و ئاگاهـ کردەوەیان بە مافەکانیان. هاوکات ڕەوتی لیبرال- ناسیونالیستی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتیش دوای بە سەرەنجام نەگەیشتنی تەوەهوماتی بە کۆماری ئیسلامی بۆ سازان و پێکهاتن و بێ‌هیوا بوون لە گەیشتن بە ئامانجەکانی لە چوارچیوەی دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتەدا، پەنا بۆ دەسەڵاتی دەرەکی دەبات تا بەڵکوو لە ئاکامی ناکۆکی‌یەکانی نێوان بۆرژوازی جیهانی و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران ستراتیژییەکەی بە دەست بێت. بە واتاییکی تر؛ ڕەوتی لیبرال- ناسیونالیست لە کوردستان بۆ گەیشتنی بە ئامانجەکانی لە سەر دەوڵەتی حاکم بە سەر وڵاتدا و هێز و لایەنە دەرەکییەکان گرەوی کردوە نەک پشت بەستن بەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یانە کە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە پێیان ناوتە گۆڕەپانی خەباتەوە.

ڕەوتی سوسیالیستی:

ڕەوتی سوسیالیستی بە پێچەوانەوە وەک دوژمنێکی ئەبەدی و ئاشتی نەخواز هەم لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی و هەم لە گەڵ سەرجەمی نیزامی حاکم خۆی نواندووە. هەربۆیە داخوازیەکانی نەک ڕفۆرم لە ساختاری سیاسی ـ ئابووری، یان گۆڕینی ڕوخساری دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکوو لە هەڵپێچانیدا دینێتە گۆڕ. لەم ڕووەوە هەوڵ دەدات بزووتنەوە کۆمەڵایەتی – ئێعترازییەکان ببنە خوازیارانی گۆڕینی ماهییەتی ساختاری دەسەڵاتی سیاسی و ئابوور نەک خوازیارانی گۆڕینی ڕەواڵەتی دەسەڵاتی سیاسی، ببنە دوژمنانی بنەما فکرییەکانی نیزامی حاکم نەک خوازیارانی هەندێک ڕفۆرم، ببنە ناوەندێک بۆ خۆئاگاهی و یەکخستنی هێز و تواناکان نەک بۆ دامرکاندنەوەی شوروشەوقی شۆڕشگێڕانە.

ئەم دوو ستراتیژییە جیاوازە ئێستە لە هەمیشە زیاتر و لە کوردستان لە هەمو بەشەکانی تری ئێران ئاشکراتر رووبەڕووی یەک بوونەتەوە.
ئەگەر هاوسەنگی هێزی ڕەوتەکانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە شێوەیەک بە قازانجی ڕەوتی سوسیالیستی بگۆڕدرێت ئەوا هەموو بەرەی راست، چ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان و چ ئەوانەی لە ئۆپۆزیسۆندان، لە دژی ڕادەوستن و هیزیان بۆ پاشەکشە پێکردنی دەخەنە گەڕ. هەروەها پێچەوانەکەشی؛ هەرکات ڕەوتی لیبراڵ - ناسیونالیست ژینگەی بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکان ڕەنگینی خواست و ویستە ڕفۆرمیستییەکانی خۆی دەکات ڕەوتی سوسیالیستی ناو ئەو بزووتنەوانە وەخۆکەوتنێکی بەرچاوتر دەنوێت بۆ گۆڕینی ئەو ڕەنگە بە ڕەنگی شۆڕشگێڕانە. لە ئاوا قۆناغێکدایە کە چینایەتی بوونی کۆمەڵگای کوردستان و لە ململانێدا بوونی مەیل و بۆچونە جیاوازەکان خۆیان بە ڕادەیەکی بەرچاوتر ئاشکرا دەکەن. ئەمە حەقیقەتێکی مێژوییە کە بە لە بەر چاو گرتنی هەلومەرجی ئێستای ئێران و جیهان ڕۆژانە شاهدیین.
بۆ داتەکاندنی تەپ و تۆزی هەرچەشنە دوو دڵی ڕاڕاییێک لەم بارەیەوە با نموونەیەکی زیندوو بهێنینەوە. هەر وەک ئاگادارن لە ماوەی چەند ساڵی رابدوودا، بە تایبەت ئێستە، کۆماری ئیسلامی لە کێشەیەکی جددی‌دایە لە گەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا. ئەم کێشەیە تەنانەت تا ئاستی هەڵگرسانی شەڕی نیزامی نزیک بووەتەوە. هەڵوێستی دوو ڕوانگەی جیاوازی لیبڕال - نالسیونالیست و سوسیالیستی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان و بازنەی سیاسی کوردستان لە مەڕ چۆنییەتی مامەڵە کردن لە گەل ئەم هەلومەرجەدا بەم شێوەیە خۆی نیشان داوە: ڕەوتی لیبراڵ ـ ناسیۆنالیست پێی وایە کە ئەم کێشەیە کە تا ئاستی هەڵگرسانی شەر ڕۆیشتووە خزمەت دەکات بەو بۆ گەیشتن بە ستراتیژییەکەی. هەتا کێشەکە قوڵتر بێتەوە ئەو لە ستراتیژییەکەی نزیک تر دەبیتەوە. هەر بۆیە ئەم ڕەوتە و سیاسەتوانانی تا ئاستی بە ئەژنۆداهاتن لە بەردەم مەعمورینی دەرەجە خوارەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا نزم بوونەتەوە بە هیوای ئەوەی کە کێشەکان بە ئاکارێکی نیزامی‌دا بڕۆن.

ڕەوتی سوسیالیستی بە پێچەوانەوە لە گەڵ قوڵتر بوونەوەی ئەم کێشەیە و بەرزبوونەوەی ڕادەی ئەگەری کردەوەی سەربازی ستراتیژی خۆی دورەپەرێزتر دەزانێت و هەر بۆیە دژایەتی دەکات. ئەم لایەنە زیاتر خۆی پشت بەستووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت بۆ گورز وەشاندنی کاتی یان یەکجاری لە کۆماری ئیسلامی. لێرەدا دەبینین کە دوو ڕوانگەی جیاواز سەرجەمی فەزای سیاسی کوردستانیان ـ بە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەوە ـ بە سەر دوو ئاسۆ و ستراتیژی جیاوازدا دابەش کردووە.

## 3. تایبەتمەندییەکانی کوردستان.

زۆربەی ئەو لێکدانەوانەی کە تا ئیستا لە سەر کۆمەڵگای کوردستان کردمان و ئەو پێناسانەی کە بۆ چەند و چۆنی ململانێ و ڕیزبەندییە چینایەتی و مەیل و بۆچوونە جیاوازەکان کران لێکدانەوە و پێناسەگەلێکن کە سەرجەم کۆمەڵگەی ئێران و بگرە زۆر وڵاتی تریش دەگرێتەوە و تەنها تایبەت بە کوردستان نیین. بەڵام سەرەرای ئەم هاو شێوازییە کۆمەڵگای کوردستان خاوەنی هەندێک تایبەتمەندییە کە دەستنیشان کردنیان پێویستییێکی ئیجبارییە بۆ تێگەیشتنی ڕەوتی بەرەوپێس چوونی کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و کێشەو ململانێی ڕەوتە دژەیەکەکان بە تایبەتی.

هەر لە سەرەتای هەڵگرسانی یەکەمیین بڵێسەکانی ڕاپەڕینی جەماوەی لە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ڕێبەندانی ساڵی 1357ی هەتاوی، بە هۆی چەند هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە جولانەوە ئێعترازییەکان لە کوردستان ڕوخسارێکی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەیان بە خۆوە گرت. ئەم ڕوخسارە بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هەتا هاتووە ڕووناکتر و شەفاف تر بووەتەوە. ئەگەرچی هەر لەو کاتەشدا خواستەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێسی کوردستان لە گەڵ بەشەکانی تری ئێران خواستگەلێکی هاوبەش بوون، بەڵام کوردستان خاوەنی هەندێک تایبەتمەندی بوو. یەکێک لەو تایبەتمەندیانە بێ ڕیشە بوونی ئیدئۆلۆژی مەزهەبی و نەبوونی سازمان و ڕێکخراوی ڕووحانییەت بوو بە پێگەی پتەوەی کۆمەڵایەتییەوە. ئەمەش وای کردووە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا نەتوانێت لە ئامرازی مەزهەب بۆ بە دەستهێنای پێگەی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە یەک گوندی کوردستانیش، کەڵک وەربگرێت.

بوونی ستەمێکی نەتەوایەتی بە پێشینەی مێژووییەوە تایبەتمەندییێکی تری کوردستان بوو کە خواستێکی گشتی بۆ لە ناو بردنی هاتبووە جمووجۆڵ.

گرینگتر لەمانە سەرهەڵدانی ڕەوتێکی چەپی نوێ و ڕادیکاڵ تایبەتمەندییێکی تر بوو کە لە ماوەیەکی بێوێنە کورتدا توانی ببێتە خاوەنی پێگەیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی.

بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی نە تەنها هیچکام لەم تایبەتمەندییانە لە سەر جەستەی کۆمەڵگای کوردستان پاک نەبوونەوە، بگرە زەق تر، شەفاف تر و ئاشکرا تر جووتی کۆمەڵگا بوون.

ئەو ڕەوتە چەپە نوێیە کە بە کۆمەڵەوە پێی گرت و ناسرایەوە لەماوەی ئەم 30 ساڵەدا ڕووخسارێکی بەتەواوی ڕادیکاڵ، پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕانەی بە بزووتنەوەی کوردستان بەخشیبوو. هەر لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕەوتە پێشی بە هەر چەشنە ڕاڕایی و دوودڵییێک گرت کە بتوانێت خزمەت بە دەسەلاتارانی نوێ بکات. ئەمە یەکێک لە گەورەترین خزمەتەکان بووە بەو ئاشکرا، شەفاف و سیاسی بوونەی کێشە و ململانێکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان و بزوونەوەکانی کە پێشتر باسمان کردن. هەرەها بوونی ئەم ڕەوتە چەپە نەهێشتووە بەشی ئۆپۆزیسیۆنی بەرەی ڕاست (لیبرال- ناسیونالیستەکان) لە ووجودی بزووتنەوە کۆمەلایەتی – ئێعترازییەکان بۆ سازش و ساد و سەودا لە گەڵ بەشی دەسەڵاتدار کەڵکی نامەشروع وەربگرێت. وێڕای ئەمانەش ئەم ڕەوتەیە کە خەسڵەتی شۆڕشگێرانەی بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کوردستان بەخشیوە و ئەوانی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی بەشەکانی تری ئێران سیاسی‌تر کردووە.

سەرجەمی ئەم تایبەتمەندیانە لە وجوودی ڕەوتێکی سوسیالیستی‌یەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕیشەکانی بە کۆمەڵەوە گرێدراوە و بزووتنەوەی کوردستانی کردووە بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کە هەموو خواستە ئینسانی و ڕەواکان لە خۆ دەگرێت. کەواتە بوونی ڕێکخراوەیەکی

کۆمۆنیستی بە پیگەی پتەوە و بەرینی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندییکی تری کوردستانە لە گەڵ بەشەکانی تری ئێران.

بە پێچەوانەی ئیدعای هەندێک لایەن کە گۆیا بزووتنەوەی کوردستان تەنها بزووتنەوەیەکە لە دژی ستەمی نەتەوایەتی و بۆ بە دەست هێنانی هەندێک داخوازی فەرهەنگی، ڕەوتی سوسیالیستی خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی کردووە بە بەشێک لە خەباتێکی بەرینتر کە هەڵپێچانی سەرجەم ستەم و هەڵاواردنەکانی کۆمەڵگا مەبەستییەتی. ناساندنی خەباتی خەڵکی کوردستان وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە گەڵ ئەوەی کە ناساندنی سیمای واقعی خەباتەکەیە هاوکاتیش خۆ جیاکردنەوەی ڕەوتی سوسیالیستی‌یە لە گەڵ ئەو بزووتنەوەی کە ڕەوتی لیبرال ـ ناسیولانیستی ئەوڕۆ لە کوردستان نوێنەرایەتی و سەرکردایەتی دەکات. ئەمەش خزمەتێکی تری ڕەوتی سوسیالیستی‌یە بە خەباتێکی ڕەوا و نەهێشتنی بە لاڕێدا بردنی.

4. دەورو نەخشی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان.

کۆمەڵە بە حوکمی پەیڕەوی کردنی لە جیهانبینی مارکسیزم، "*بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری چینی سەرمایەدار، دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری و بونیادنانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی تێدەکۆشێت*." ئەم ستراتیژیە لە پرۆگرامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا داڕێژراوە و کۆمەڵەش وەک بەشێک لەو حیزبە پابەندی هەوڵدان بۆیەتی. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ڕێکخراوەیەک بە ئاوا ستراتیژییێکەوە لە کۆمەڵگایەکدا بەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەوە کە باسمان کردن دەبێ و دەتوانێت چ دەور و نەخشێک بگێڕێت؟

کۆمەڵە مێژوویەکی سی ساڵە لە خەباتی ئاشکرای تێپەڕ کردووە. لەم ماوەیەدا وەک ڕێکخراوەیەکی چەپ و کۆمۆنیست لە کۆمەڵگای کوردستاندا ناسراوە و، هەروەک باسمان کرد، توانیویەتی پێگەیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی بەدەست بێنێت. بۆ ئەوەی کە ڕوخسارێکی ڕاستبینانە لەوەی کە کۆمەڵە لە هەلومەرجی <u>ئێستەدا</u> دەتوانێت و دەبێت چ دەور و نەخشێک بگێڕێ باشتر وایە بە کورتی بزانیین لە ماوەی ئەم 30 ساڵەدا چ دەورێکی گێڕاوە.

لە سەرەنجامی ڕاپەڕینی ساڵی 1979 و ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران کوردستان هەلومەرجێکی تایبەتی تر لە بەشەکانی تری ئێران بە دەست هێنا. خومەینی و هاوبیرانی کە لە تاران وەک حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشوو دامەزرابوون، هێشتا نەیاتوانیبوو دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر هەموو ناوچەکانی وڵاتدا بسەپێنن. کوردستان یەکێک لەو ناوچانە بوو کە تا ماوەی 6 مانگ دەسەلاتی ناوەندی نەیتوانی دەستی بە سەردا بگرێت. لەم ماوەیەدا ئازادییێکی بێ وێنەی سیاسی و هەلومەرجێکی دوور لە هەر چەسنە توندوتیژ لە کوردستان حاکم بوو. کۆمەڵە، سەرەڕای ئەوەی کە ماوەیەکی کورت بوو ئاشکرا بوونی خۆی ڕاگەیاندبوو، هێزی سەرەکی پێکهێنەر و لایەنگری ئەم فەزا ئازادە بوو. ئەو خەسڵەتە سیاسییانەی کە هەر ئەو کات کۆمەڵەی پێوە ناسرایەوە پشتیوانی کردن بوو لە بەرژەوەندی چین و توێژە چەوساوەکانی کوردستان، وەک کرێکاران، ژنان جووتیاران و پشتیوانی کردن لە ئازادی بێ شەرت و مەرجی ڕادەربڕین و دژایەتی کردنی یاسا و نەریتی مەزهەبی و زیانبارەکانی کۆمەڵگا. هەروەها وەک ڕێکخراوەیەکی بێ ڕاڕا لە بەرانبەر دەسەلاتی ناوەندیدا خۆی نیشاندا. سەرجەمی ئەم خەسڵەتە ناسراوانە بە کۆمەڵەوە هەتا هاتوون شەفاف و ڕادیکالتر بوونەتەوە و زیاتر لە هەمیشەش هەر بە کۆمەڵەشەوە دەناسرێنەوە.

لەو ململانێی چینایەتییەدا کە لە کوردستان بەردەوام لە ئارادا بووە کۆمەڵە وەک لایەنگری چینی کرێکار و ژێر دەست زاهر بووە. لە گەڵ سەرەتاکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر

کوردستان کۆمەڵە، بە پێچەوانەی هەندێک ڕێکخراوی لیبرال – ناسیونالیست و چەپی سونەتی، لە جیاتی هەوڵ بۆ سازش و پێکهاتن، بەرەنگار بوونەوەیەکی جەماوەری و چەکدارانەی ڕێکخست کە هەتا ئێستەش بەردەوامە. ڕێکخستنی ئەم بەرەنگارییە جەماوەری و چەکدارانە جێخستنی یەکەمین خشتی پێبەخشینی ڕوخساری شۆڕشگێرانە بوو لە سەر بینای بزووتنەوەی کوردستان. لەم ڕووەوە هەتا هاتووە کۆمەڵە زیاتر خۆی وەک ڕێکخراوێکی چینایەتی بە ستراتیژی بۆ گۆڕینی بنەما سیاسی – ئابوورییەکانی کۆمەڵگا ناساندووە.

ئێستە و لە سەرەنجامی ئاڵوگۆڕەکانی دوو دەهەی ڕابردوو لە ئاستی جیهاندا بارودۆخی کۆمەڵگای کوردستانیش گۆڕدراوە و خەت و نیشانەکانی خەباتی سیاسی و چینایەتی سەر لە نوێ کێشراونەتەوە. پێویستی نوێ بۆ مامەڵە کردن لە گەل بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان سەریان هەڵداوە و ڕیزبەندییە چینایەتییەکان سیمایەکی نوێیان بە خۆوە گرتووە. جێگاو شوێنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە موعادلاتی ناوخۆیی و ناوچەیی جێگاو شوێنێکی تری هەیە و دەور و نەخشی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی جەمسەری ئۆپۆزیسیۆنیش لەم موعادلاتەدا گرینگییێکی تری پەیدا کردووە.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەم هەلومەرجە نوێیە کۆمەڵەش پێویستە بۆ هەروا زیندوو هێشتنەوەی دەورونەخشی گرینگ و بە کەڵکی خۆی لە کوردستان و پارێزگاری کردن لە ڕووخساری شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی کوردستان هەنگاوگەلی نوێ، کاریگەرتر و شەفاتر لە هەڵوێست و کردەوەی سیاسی، تاکتیک و شێوەی کاری ڕێکخراوەییدا هەلگرێت کە هاوتەبا بێت لە گەڵ ستراتیژی و ئاسۆکەیدا. دیارە ئەمە بە مانای ڕەد یان هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی کە هەیە نییە بەڵکوو مەبەست نوێگەرایی لە پێناو وەلامدانەوە بە پێویستییە نوێکانە.

گرینگترین قۆناغی نوێسازی ئەوەیەکە کۆمەڵە پەیگیرانەتر و ڕەوان تر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان وەک بزووتنەوەیەک ڕزگاریبەخش لە سەرجەمی ناهەمواری و مەینەتەکانی کۆمەڵگا بناسێنێت، نەک تەنها وەک بزووتنەوەیەک بۆ لە نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی. هەروەک پێشتریش وتمان پێ بەخشینی ناسنامەیەکی ئاوا بە بزووتنەوەی کوردستان لە لایەکەوە ڕووخساری ڕاستەقینە خەباتی خەڵکی کوردستان نیشان دەدات و لە لایەکی تریشەوە خزمەت دەکات بە جیاکردنەوەی و شەفافتر کردنی ستراتیژی ڕەوتی سوسیالیستی لە گەڵ ستراتیژی ڕەوتی لیبرال ـ ناسیونالیستی. هەروەها بە حوکمی هاوبەش بوونی خەباتی خەڵکی کوردستان (سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی) لە گەڵ خەباتی خەڵکی چەوساوەی بەشەکانی تری ئێران، هەستی هاوخەباتی و هاوچارەنووسی لە نێوانیاندا پتەو دەکات. چوونکە ستەمە هاوبەشەکان دەکەونە بەر ڕووناکی و لە تاریکی ستەمی نەتەوایەتیدا قەتیس ناکرێن. گرینگی ئەم نوێسازییە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە ناوچەکە هەوڵێکی بەرین لە لایەن ڕەوتی لیبرال – ناسیونالیستەوە دەدرێت بۆ بە پێچەوانە نیشان دانی بزووتنەوەی کوردستان. واتە تەنها وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی لە پێناو بە دەستهێنانی هەندێک خواستی نەتەوەیی و فەرهەنگی لە چوارچێوەی هەر دەسەڵاتێکدا کە بێت. هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە و کێشەی باڵە جۆراوجۆرەکانی بەرەی ڕاستی کۆمەڵگا بڕوا بە خۆ بوونێکی زیاتری بە ڕاستی کۆمەڵگای کوردستانیش بەخشیوە کە ئەم ئامانجە ڕەچاو بکات. کەوا بوو بەرەی چەپیش دەبێت لە ناوخۆیدا نوێسازییێک بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم هەلومەرجە نوێیە و ئەم ڕوانگە زیانبارە پێک بێنێت و بۆ جارێکی تر نەهێڵێت ئەم بزووتنەوە ڕەوایە لە سازش و ساد و سەوداکاندا کەڵکی نامەشروعی لێ وەربگیرێت.

هاوکات کۆمەڵە پێویستە خۆی بە خاوەنی ڕزگاری خەڵکی کوردستان لە ژێر گوشاری ستەمی نەتەوایەتی، بە وێنەی یەکێک لە ستەمە داسەپێندراوەکان بە سەر خەڵکی کوردستاندا، بزانێت. کارێک بکات ڕێگەچارەکەی ئەو ببێتە خواستی گشتی خەڵکی کوردستان. ڕێگە نەدات بەرنامەی بەرەی ڕاستی ئۆپۆزیسیۆن دەستی باڵا پەیدا بکات و ئەو ببێت بە خواستی گشتی. ئەگەر بێت و ئاوا خەتایێک ڕوو بدات سەرجەمی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، سەرجەمی بزووتنەوە پێشکەوتووخوازەکان و سەرجەمی بەرەی چەپی کۆمەڵگای ئێران زەرەری تێدا دەکات. ئەو کات ئەگەری ئەوە هەیە کە هاوسەنگی هیز لە ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا بە قازانجی بەرەی لیبرال – ناسیونالیستی بگۆڕدرێت.

خاڵێکی گرینگی تر کە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەجی نوێ پێویستە لە بەرچاو بگیردرێت و دەتوانێت خزمەت بە ستراتیژی کۆمەڵە بکات کارتێکەرییە لە سەر بزووتنەوەی بەشەکانی تری کوردستان. کارتێکەری نە بە مانی خۆ تێوەردان لە ئموراتی ئەو ناوچانە بەڵکوو پشتیوانییێکی ئاگاهگەرانە لە خەباتی خەڵکی کورد لەوێ. ئەم پێویستی‌یەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر گۆڕانکارییێک کە لە هەر بەشێکی کوردستانەکان بێتە پێش ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر ئەوانی تر دەبێت. بە لە بەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجەی کە ئێستە لە کوردستانی عێراق هاتۆتە پێش و ئەو ئاکارەی کە بزووتنەوەی کوردستانی تورکی‌یە دەیپێوێت پێویستە کۆمەڵە وێڕای پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئەم دوو بەشە، نەهێڵێت لە لایەکەوە خەڵکی کوردستانی ئێران دڵخۆش بە ئاڵوگۆڕ لە ڕێگای کێشە جیهانی و هێزە دەرەکییەکان بن و لە لایەکی تریشەوە چارەنووسی خۆیان ببەستن بە خەباتێکی کوێرکوێرانەی چەکدارییەوە لە پێناو سازش و بەند و بەسی ئەم یان ئەو ڕێکخراوی سیاسی‌یەوە.

دیارە کۆمەڵە تا ئێستە بۆ بەربەرچ دانەوەی ئەم دوو بەدیلە هەنگاوی گرینگی هەڵگرتووە. بەڵام ئێستە دەبێت ڕووی ئەم هەنگاوانە لە کوردستانی عێراق و تورکی‌یەش بێت و تەنها لە سەر کوردستانی ئێران حیساب نەکرێت. ئەمەش کاتێک بە ئاماج دەگات کە کۆمەڵە هاوکات لە گەڵ درێژەی سیاسەتی تا ئێستەی لە کوردستانی ئێران لە ڕویی سیاسەت و نەخشەیەکی تایبەتەوە پشتیوانی خۆشی لە خەباتی ڕەوای بەشەکانی تری کوردستان ڕابگەیەنێت و پاڵپشتێک بێت بۆ ڕەوتی چەپ و ڕادیکاڵی ئەو ناوچانە. خەڵکانی ئەم ناوچانە لەگەڵ ئەو قۆناغە مەترسی‌دارانە ئاشنا بکات کە لە گەڵی بەرەوروون. ئەمە بەجێ‌هێنانی بەرپرسایەت و ئەرکێکی ئینترناسیونالیستی کۆمەڵەیە و کەم کاری لێی خەتایێکی سیاسی‌یە.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە و بە لە بەرچاو گرتن هەلومەرجی نوێی ناوخۆیی و جیهانی کۆمەڵە پێویستیشی بە نویخوازی لە قەوارەیی ڕێکخراوەیی خۆشی‌دا هەیە. ڕێکخراوەیەکی سازماندراو و خاوەن دیسیپلین، ئورگانگەلێکی دامەزراو لە سەر ئەساسی شێوازی نوێی کاری بەکۆمەڵ کە گونجاو بێت لە گەڵ پێویستی‌یەکانی خەباتی سیاسی ئەم ناوچەیە، هەروەها سەرکردایەتی و مودیریەتێکی زانستیانە و با ئوتۆریتە ـ ئەمانە هەندێک لەو بوارە ڕێکخراوەیانەن کە کۆمەڵە بۆ بەجێ هێنانی ئەرکەکانی لە هەمیشە زیاتر پێویستی پێیانە. هەندێک لە بەشەکان ساختاری ڕێکخراوەیی ئێستای کۆمەڵە سەر بە هەلومەرجی پێشووتر و قۆناغگەلی دیکەی خەباتن کە چی تر جوابدەرەی ئەو پیویستی و ئەرکانە نیین کە کەوتوونەتە سەر شانی ئەم ڕێکخراوە. ئەم قەوارە ڕێکخراوەییە لە زۆر بوارده بەیانگەری ئەو هەموو هیز و توانایە نییە کە کۆمەڵە لێی بەهرەمەندە و هەر بۆیەش لە بەکارخستنیان سستی و خاوبوونەوە هەست پی دەکرێت.

خەباتی پێشمەرگانە و بوونی بەردەوامی زۆربەی هێزی پێشمەرگە لە ناوەوەی وڵات و لە پەیوەندی‌دا بوونی ڕاستەوخۆ لە گەڵ جەماوەر ئێستە جێگای خۆی داوە بە پەیوەندی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کەلوپەلی پێشکەوتووی پەیوەندی گرتنی وەک ئینترنێت، تێلویزیۆن و رادیۆ. بۆ ئەوەی

کە هیچ بۆشاییێک لە ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕەدا بە دی نەکرێت پێویستە گرینگییێکی زیاتر لە هەمیشە بە بردنە سەرەوەی ئاستـــــی توانای ڕاگەیاندن بدرێت.
پێویستە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن پەیام و سیاسەتەکانی کۆمەڵە بە زمانی ئەوڕۆ جەماوەر پێشکەش بکات و حەقیقەتەکان تێکەڵاو لە گەڵ ڕوانگەی سوسیالیستی، بە شێوەیەک کە جێگای دەرک و ناسینەوە بێت، بە بینەران و بیسەران بگەیەندرێت. بۆ بە جێ هێنانی ئەم ئەرکە کۆمەڵە پێویستییێکی زۆرتری بە کادر و ئەندامی ئاگاهـ و وەفادار بە ڕێباز و بنەما فکرییەکانی مارکسیزم هەیە کە بتوانن بە دەرکی ڕاستبینانە لە هەلومەرجی ئێستە و بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی مۆدێرن و کارساز ئەم ڕێبازە ئینسانییە بە هەموو جەماوەر بناسێنن. کۆمەڵە پێویستە لە شێوازی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبیشدا جیاوازی خۆی لە گەڵ ڕێکخراو حیزبی بەپارێز نیشان بدات و قەوارەی حیزبیەکەشی ئاوێنەی باڵانوێنی سیاسەت و هەلوێستە پێشکەوتووخواز و ڕادیکاڵەکانی بێت.
گومان لەوەدا نییە کە ئەم نوێسازییە درێژەی هەمان ڕێگایە کە کۆمەڵە چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ڕێکخراوەیی‌دا تا ئێستا پەیڕەوی کردوە. بەڵام ئیستە پێویستیمان هەیە بە هیمەت و ئازایەتییێکی نوێ، سوونەت و شێوەکار و تاکتیکی نوێ بۆ جوابدانەوە بەو پیویستییانەی کە خەباتی جەماوەری و چیانەتی لە کوردستان لە گەڵی بەرەوڕوویە.
به هێز بوونی قەوارەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە ڕاستەوخۆ بڕوا بەخۆ بوون و هیوا بە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە پێشکەوتووخوازەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنێت، یارمەتی دەدات بە گۆرانی هاوسەنگی هێزی چینایەتی بە قازانجی چینی کرێکار، ڕەوتە پێشڕەو و ڕادیـــکاڵەکانی ناو سەرجـــــەمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پشتـــگەرم دەکات و سەرجەمی بزووتنەوەی چەپ بە هێز دەکات.
کۆمەڵەیەکی خاوەنی ئاوا سیاسەت و توانایگەلێک چیتر پیویست ناکات تەنها شانازی بە دەستکەوت و پێشڕەوی و سوونەتەکانی ڕابردوویەوە بکات، بەڵکوو ئاکامی هەر کردەوە و هەنگاوهەلهێنانێکی ئێستەی پێشڕەوییێکی نوێ و جێ خستنـــــی سوونەتێـــــکی بەنرخە.
پێویست ناکات تەنها شانازی بەو ڕەهبەر و سەرکردە بلیمەتانەوە بکات کە گیانیان لە دەست داوە، بەڵکوو لە هەر کادر و ئەندامێکی ئێستای دەتوانێت ڕەهبەرانی بلیمەتی سەردەمی خۆیان پەروەردە بکات. بە هەمووان دەتوانێت بسەلمێنێت کە کۆمەڵە تەنها ئەوە نی‌یە کە بووە، بەڵکوو ئەوەشە کە هەیە.

<u>وەگیراو لە گۆڤاری پەیام ژمارە 23</u>